## وڵاتەکەم، قەسابخانەی ژن و کچان! ... شیعری د. کەمال میراودەلی

بێ شەرەفی ئەی پیاوی کورد
تۆڵەی ئەنفال دەکەیتەوە
برۆ ببە بە عێراقی و دەست بە گونی
ئەنفالچییەکانتەوە بگرە
تۆڵەی ئەنفال دەکەیتەوە
برۆ خوشکەکەت سەربڕە
شەرەف ناوڕانی کچانە
ژن گەل نییە، رانەمەڕە

*****

**لە پێناوی کامپەینێکی کاریگەر و بەردەوام بۆ وەستاندنی کچ کوشتن و ژن جەزرەبەدان لە کوردستان:** ئەم هۆنراوە لە ئەنجامی سەردانی پارم بۆ خوارووی کوردستان نووسراوە. هیوادارم ببێتە دەستپێکی کامپەینێکی گشتیی و جەماوەریی. تکا دەکەم، وەک ئەرکێکی ویژدانی و نەتەوەیی، هەموو رۆژنامەو گۆڤار و ماڵپەڕەکان بڵاوی بکەنەوە. داوا لە هەموو رووناکبیر و کوردێکی خاوەنویژدان دەکەم پشتگیریی ئەم بانگەوازە بکەن. ... کەمال میراودەلی

***

دەفتەری خەم و خامەی خەیاڵت هەڵگرە و سەر هەڵگرە
هیچت دەسناکەوێ تۆ لەم دەڤەرە
ئێرە مۆڵگەی جانەوەرە
ئێرە تاپۆی میری شەڕە
ئێرە قەسابخانەی کچە
ئێرە نامۆخانەی کورە
ئێرە ئاودەستخانەی حیزبە
نووسەر فلاش و ئاوبەرە
دڵم کچێکی سەربڕدراوە
هەموو لەشی پڕ خەنجەرە
رۆحم کچێکی نامۆیە
دەوری شیشبەند و چەپەرە
هەستم کچێکی دیلە
قەیرەکراوە، قەڵەندەرە
ئەم وڵاتە چەند بۆگەنە
ئاودەستخانەی کەللەسەرە
ئەم وڵاتە لە سەرەوە بۆگەن بووە
خوارەوەشی خۆڕادەرە
ئەم وڵاتە بێ دەستوور و بێ سنوور و
بێسەواد وبێ ساوەرە
ئەم وڵاتە بازاڕێکە

بايەقووش تێيدا جاڕدەرە
ئەم وڵاتە چووك بۆتەوە
لە ناو گيرفانا پەڕپەڕە
"پەرلەمان" ی پێلاوگەيە
دز تێيدا ياسا وەدادەرە
وڵاتی شێخ زاناكانە
شێخ زانا شێخی ئەكبەرە
دڵەكەم كچێكی زامدارە
هەموو لەشی پڕ خەنجەرە
دڵەكەم خوێنی لێ دەتكێ
ئاڵ بووە ئەم دەور و بەرە
چاوی شاعيرەكەم كوێرە
يان ڕەنگی خوێن بێ ئەسەرە
دڵم كچێكی كوژراوە
بێ تاوانە، تاوانكەرە
دڵم كچێكی سووتاوە
لە سوێی عيشقا سەماكەرە
چەند هەزارەمين كچی كوژراوی كچەكەم
چەند هەزارەمين خوشكی خنكێنراوی خوشكەكەم
چەند هەزارەمين دايكی سكسووتاوی دايكەكەم
نا گەردنم ئازاد مەكەن
گەردنم شايانی گوللە و كەللەم شايانی پێمەڕە
چ بكەم!! لەم خاكەدا بێشەرەفە
هەرچی سەركردەو ڕێبەرە
لەم خاكەدا بێشەرەفە
هەركەس شاعير و نووسەرە
لەم خاكەدا بێشەرەفە
فەرماندارە، فەرمانبەرە
لەم خاكەدا بێشەرەفە
ئەوەی زانايە، مەلايە،
مامۆستايە، فێركەرە
چ بكەم! هەموومان بێشەرەفين
بۆ شەرەفی دۆڕاومان
بۆ شەرەفی ئەنفالكراومان
بۆ شەرەفی عەرەبگاومان
ناو رانی تۆ دەگەڕێين كچەكەم
ناو رانی تۆ پڕ لە شەرەف و شانازيی و گەوهەرە
كچەكەم تكايە ببە بە قاحبە
بەخوێنم خۆشترتم دەوێی لە جاران و

ڕۆحمت بۆ دەکەم
بە پەنجەرە
قاحبە وشەیەکی پیرۆزە
ترۆپکی پاکیی و ڕاستگۆییە
لە درۆ و فێڵ بەدەرە
قاحبەی سییاسەت
قاحبەی نیفاق
قاحبەی خیانەت
قاحبەی دزیی
قاحبەی ئایین
قاحبەی کوشتن
قاحبەی نووسین
ناوی قاحبە بەوانەوە
پیسە، بەدناوە، بەدفەڕە
دڵەکەم پارچە پارچەیە
هەر پارچەی سەد کچی کوژراوە
ڕۆحمی ڕزاند ئەم سەفەرە
بێ شەرەفی ئەی پیاوی کورد
تۆڵەی ئەنفال دەکەیتەوە
بڕۆ ببە بە عێراقی و دەست بە گونی
ئەنفالچییەکانتەوە بگرە
تۆڵەی ئەنفال دەکەیتەوە
ماڵی میللەت هەمووی بدزە
میللەت بکە بە کەر و گا
ئەوسا یەک بە یەک بیانکرە
تۆڵەی ئەنفال دەکەیتەوە
بڕۆ خوشکەکەت سەربڕە
شەرەف ناوڕانی کچانە
ژن گەل نییە، ڕانەمەڕە
وڵاتەکەم، قەسابخانەی ژن و کچان
نەفرەت لەوەی خاوەنی خامەو دەفتەرە
نەفرەت لەوەی کە دەبینێ، کە دەنووسێ، کە دەهزرێ،
گوێ ناداتە ئەم سەقەرە
چەند هەزارەمین کچی کوژراوی کچەکەم
چەند هەزارەمین خوشکی خنکێنراوی خوشکەکەم
چەند هەزارەمین دایکی سکسووتاوی دایکەکەم
نا گەردنم ئازاد مەکەن
گەردنم شایانی گوللە و کەللەم شایانی پێمەڕە
دڵەکەم پارچە پارچەیە

هەر پارچەی سەد كچی كوژراوە
ڕۆحمی ڕزاند ئەم سەفەرە
وەرە پیرەمێردم وەرە
ئەوا نەورۆزم هاتەوە
وەرە پیرەمێردم وەرە:
تا ئێستا ڕووینەداوە لە تەئریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سنگی كچان بێ لە هەڵمەتا
وەرە پیری ڕۆحم وەرە
هەمووكچێكم هەڵمەتبەرە
وەرە پیری ڕۆحم وەرە
هەموو ڕۆژێ سەیرانێكە
سووتانی كچ سەماوەرە
هەموو شەوێ شەوخوانێكە
گۆشتی كچ سفرەڕاخەرە
وەرە پیری ڕۆحم وەرە
شاری ژینت، شارستانێتیی پەروەرە
دیمۆكراسیی وا بانگ دەدا
ئاسمانیش هەردوو گوێی كەڕە
نووسەرانت مەستی بادەن
شارت نووستووە، بێ خەتەرە:
نووزەیەک دێ لە دەرگایەک
چرپەیەک دێ لە پەنجەرە
ئەمشۆ شەم و زین و شیرین
حوكمی چەقۆیان لە سەرە
دڵەكەم پارچە پارچەیە
هەر پارچەی سەد كچی كوژراوە
ڕۆحمی ڕزاند ئەم سەفەرە.
بێ شەرەفی ئەی پیاوی كورد
تۆڵەی ئەنفال دەكەیتەوە
برۆ خوشكەكەت سەربڕە!
شەرەف ناوڕانی كچانە
ژن گەل نییە، ڕانەمەڕە!